پێشمەرجی ئۆپۆزیسۆن بۆ دانوسان لەگەڵ دەسەڵاتدا

دکتۆر ڕێبوار فەتاح

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، ئۆپۆزیسۆن چەند جارێك لەگەڵ پارتی و یەکێتی، وەك حزب، کۆبووەتەوە. من نازانم ئامانج لە کۆبوونەوەکان کتومت چین، بەڵام هێندە دەزانم کە دانوسانەکان حزبی بوون و لە دەرەوەی پەڕلەمانیش بوون. ئەمەش بۆخۆی ڕێز نەگرتنە لە پەڕلەمان، کە ئۆپۆزیسۆن لافی ئەوە لێ دەدات کار دەکات بۆئەوەی شەرعیەتی بداتێ و بیکات بە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی قانوندانان.

لەم گوتارە کورتەدا پرسی دانوسان لەگەڵ دەسەڵاتدا دەهروژێنم.

پرسیاری یەکەم ساکارە: ئایا ئۆپۆزیسۆن پێویستە پێشمەرجی هەبێ بۆ دانوسان لەگەڵ دەسەڵاتدا؟ وەڵامەکەشی ساکارە: بەڵێ، پێویستە پێشمەرجی هەبێ. پرسیاری دووەمیش ساکارە: پێشمەرجەکان چین؟ وەڵامەکەشی ساکارە.

پێشمەرجەکان:

- قانونی ژمارە ١ و ٢ (٢٠٠٥) پێویستە هەڵوەشێنەوە کە پەیوەندن بە دامەزراندنی سەرۆکایەتی هەرێم و دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمەوە. ئەم دوو دەستگایە دەسەڵاتی هەرێم پێکدەهێنن.

- قانونی ژمارە ٤ و ٥ (٢٠١١) پێویستە هەڵوەشێنەوە کە پەیوەندن بە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دەستگای ئاسایشی هەرێمەوە. ئەم دوو دەستگایە هەرچی دەستگای ئاسایش و هەواڵگیری هەستیاری هەرێم هەن دەیخەنە دەستی دەستگای ئاسایشی هەرێمەوە یان پاراستنەوە و ئەمیش دەبەستنەوە بە خودی سەرۆکی (نەك سەرۆکایەتی) هەرێمەوە.

ئەم دوو دەستگایە، سەرۆکایەتی هەرێم و دەستگای پاراستن، کە لەژێر هەمان چەتردان، لێکجودا ناکرێنەوە، لەسەروو هەموو دەسەڵاتێکی قانوندانان (پەڕلەمان)، جێبەجێکردن (حکومەت) و دادوەریەوەن، و هاوکات هەموو دەسەڵاتە هەستیارەکانی ئەم سێ دەسەڵاتەیان داگیرکردووە. دەسەڵاتی ئەم دوو دەستگایە لێرەدا ناگیرسێتەوە، بۆ نمونە:

- بەرپرس نین لەبەرامبەر هیچ دەستگایەکدا، تەنانەت پەڕلەمانیش؛
- پەڕلەمان، حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری لەبەر دەمیاندا زەلیلە؛
- بەهیچ قانونێك کار ناکەن و هیچ لایەنێك نازانێ کارەکانیان چین؛
- کارەکانیان شەفاف نین و چاودێری ناکرێن؛ و،
- بوجەتێکی زەبەلاحیان لە بودجەی هەرێم بۆ تەرخان کراوە.

بەکورتی ئەمانە دوو دەستگان لە یەکەیەکدا و دەسەڵاتیان ڕەهایە، جا گەر بازرگانیکردن بووە یان دەستبەسەراگرتنی سیاسیەکان. سەرباری ئەوەش هەردووکیان نادەستورین.

دەستوری دەنگپێداراوی عێراق، سیستمی پەڕلەمانی بۆ حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکان هەڵبژاردووە. هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆکی هەرێم لەلایەن خەڵکەوە، و دیاری نەکردنی لەلایەن پەڕلەمانەوە، پێشێلکردنی دەستوری عێراقە.

هەر بەپێ دەستوری عێراق، دەستگای ئاسایشی هەرێم و ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم ناقانونین. ئەم دەستگایانە چەندین دادگای تایبەتیان هەیە، کە ڕۆژانە خەڵك دەستبەسەردەکەن، بەبێ هیچ دەقێکی قانونی؛ هاوکات هیچ لایەنێك، بە پەرلەمانیشەوە، دەسەڵاتی بەسەریاندا نیە. بەپێی دەستور نابێ هیچ جۆرە دادگایەکی تایبەت هەبێ، دەکرێ تایبەتمەند بێ و بە قانون کارەکانی ڕێکخرا بێ؛ هەوەك نابێ لە دەرەوەی دەسەڵاتی پەرلەمان وحکومەت هیچ دەستگایەك هەبێ و کار بکات.

جا با منیش پرسیارێك لە ١١١ ئەندام پەرلەمانەکەی کوردستان بکەم. ئایا کە دەقی ئەو چوار قانونەی سەرەوە دەخوێننەوە، شەرمەزاری ناتانگرێ. گەر نەتان خوێنوەتەوە، هەقە ئێستا بیانخوێننەوە.

ئەبی ئەوەش بڵێم کە کۆبوونەوەکان لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا، ئۆپۆزیسۆن لاواز کرد و دەسەڵاتیش بەهێز.